# پەڕگیرەکان گوزارش لەخۆیان دەکەن

**فایەق سەعید**



لەژمارە (378) ی هاوڵاتیدا وتارێکی بەرێز فازل قەرەداخیم خوێندنەوە کەبەهەمان شێوەی وتاری هێزە کۆنپارێزە عەرەب ئیسلامیەکان دارێژرابوو. ئەگەرچی من توانیم تەنها دوو دانە لەو سەرچاوانە لەئینتەرنێتدا بکەمەوە کەبەرێزیان ئاماژەی بۆ کردبوون، بەلام ئەمەیان هێندە گرینگ نەبوون چونکە تاوەکو ئێستا چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی لەم بابەتەم بینیوە کەهیچیان توانای ئەوەیان نەبووە کار لەفیکری پەروەردەیی هاوچەرخ بکەن. من رێزم بۆ ئەو وتارە هەیە بەڵام دەبێ ئەوەش بلێم ئەمە جگە لەدووبارەکردنەوەی وتاری هێزە دواکەوتووە عەرەبەکان و جگە لەوەی دەمی مەلاکان و هێزە کۆنپارێزەکان گەرم دەکات کەهەمیشە چوارگۆشەیی بیر دەکەنەوە، هیچی تازەی پێ نیە. بەرێز کاک فازل بەشێوەیەک وتارەکەی نووسیوە کەخۆشی پاڵپشتی لەو بابەتە دەکات کەلەسەری نووسیوەو هەر لەناونیشانەکەیەوە نیشانەی پرسیاری خستۆتە سەر خوێندنی تێکەڵ، بەبێ ئەوەی باس لەئەرگومێنتەکانی ناو ئەو لێکۆلینەوانەو خۆی بکات.

خوێندنی تێکەڵ بەشێوەیەکی گشتی لەناوەراستی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی پێکردو زۆر بەزوویی بەسەرجەمی دونیادا بەهۆی گەشەسەندنی هەموو زانستەکانەوە بڵاو بووەوە. لەمەسەلەی قوتابخانە ناتێکەڵەکان بەشێوەیەکی گشتی دوو خاڵ هەیە کەسەرنجی هەموو کەسێک رادەکێشن. یەکەمیان ئەوەیە کەبەشی هەرە زۆریان ئەگەر هەمووشیان نەبن سەر بەکەرتی تایبەتن کەبەدوای قانزاجەکانی خۆیاندا دەگەرێن و دووەمیان ئەوەیە ئەو لایەنانەی دایدەمەزرێنن گوزارش لەدیدێکی ئاینی دەکەن بەتایبەت کاتۆلیکی کەهەموومان دەزانین نمایندەگی باڵێکی توندرەو پەڕگیرانە دەکات. تاوەکو ئەمرۆش چەندین قوتابخانەی ناتێکەڵ لەجیهاندا بوونیان هەیە بۆ نموونە لەئیرلەنداو پۆلەندا، بەڵام هەموومان دەزانین ئەو دوو وڵاتە لەبواری ئاین و زۆر گرفتی رۆژانەشدا چەند توندرەون.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە لەرۆژئاوادا دیموکراتی و ئازادی تاکەکەس هەیە کەکەس ناتوانێت سنورەکانی ببەزێنێت بەتایبەت لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. لەوێندەرێ چەندین شێوەی جودا جودای قوتابخانە هەن چونکە ئەو وڵاتە لەبواری پەروەردەدا خاوەن پانتاییەکی فیکری گەورەن و بەشێکی ئەو قوتابخانانەش وەکو تاقیکە بەکار دێن. من هەموو رۆژێک لەماڵەکەی خۆم دێمە دەرەوە هەندێ منالی بچوکتر لەشەش ساڵان دەبینم کەحیجابەکەی سەریان دەگاتە سەر ئەژنۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا سوید یەکێکە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان لەبواری پەروەردەدا. ئەمە بەو مانایە نایەت کەسوید لەسێکولاریزم پەشیمان بۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئاین لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کێشێکی زۆر گەورەی هەیەو کلیساکان رۆلی گەورە دەگێرن. هەموو یەکێک لەئەمریکاو ئێران بەبەردەوامی باس لەئاین دەکەن بەڵام لەیەکەمیاندا ئاین وەکو شتێکی تایبەت و لەدووەمیاندا وەکو شتێکی گشتی کەبەسەر هەموو کەسێکدا فەرز دەکرێت. هەموو سەرۆک و گەورە پیاوەکانیش لەم رێسایە بەدەر نین. کلینتۆن تەنانەت لەکاتی باسکردنی رابواردنەکەی مۆنیکا لوینیسکیشدا باسی خوای دەکرد. مەبەستم ئەوەیە بلێم ئەگەر رەوتی ئاین و کلیسەکان هێندە بەهێزبن ئەوە هیچ سەیر نیە کەپێشتگیری لەقوتابخانەی ناتێکەڵ بکەن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەجیهانی پێشکەوتوودا ئەم باسە هیچ

پانتاییەکی ئەوتۆی وەرنەگرتووەو تاوەکو ئێستاش بەسەدەها هەزار لاپەرە لەسەر سودی قوتابخانە تێکەڵەکان نووسراوە، بەڵام لەبەرامبەردا چەند لاپەرە لەسەر قوتابخانە ناتێکەڵەکان نوسراوە؟

هەواداری ئەم قوتابخانانە بەشێک لەهۆکارەکانی کردنەوەی ئەم قوتابخانانە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کەکوڕان لەپۆلەکاندا بزێون و بوار بەکچەکان نادەن تەنانەت بەدڵی خۆشیان پرسیار بکەن ئەمەش زۆر دروستە بەڵام چارەسەر ئەوە نیە کچان و کوران لەیەک جیاکرێنەوە. بەشێکی دیکە بەرای ئەوان ئەوەیە کچان ناتوانن لەقوتابخانە تێکەلەکاندا پلەی بەرز لەزانستە سرۆشتیەکاندا بێننەوەو سەرئەنجامیش ناتوانن لەو بەشانەدا بروانامەی زانکۆ بێننەوە. هەر لەم بوارەدا زانکۆی مێشیگان لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکەوە لەقوتابخانە کاتۆلیکیەکاندا ئەوەی بۆ روون بۆتە کەتوانای نووسینی خوێندکاران لەقوتابخانە ناتێکەڵەکاندا باشتر بووە. بەبرای بەرێزم بڵێم ئەمرۆ سەدەها لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەن و ئەمانەش شتی ئاساییین لەجیهاندا، بەڵام هیچیان تاوەکو ئێستا نەلەدوورو نەلەنزیکەوە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ئەم سیستەمەی ئەمرۆ لەجیهاندا بگۆرن یا داوای گۆرینی بکەن.

ئەوەی من لێرەدا ترسم لێی هەیە ئەوەیە برای بەرێزم کاک فازل لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی وڵاتە عەرەبیەکاندا ئەمەی نووسیبێت کەبابەتێکی دیکەی ئەم وتارەیە. بەراستی بەشی هەرە گەورەی وڵاتە عەرەبیەکان و ئیسلامیەکان ئەم هەواڵانە بەپارە دەکرن. من تاوەکو ئێستا چەندین سایتی عەرەبیم دیوە کەهەڵهەڵە بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە لێدەدەن. بۆ نموونە لەگەڵ دەرچوونی کتێبەکەی Beverly یەکسەر کرایە عەرەبی و بەرێنماییەکانی ئیسلام و قورئان بەسترایەوە کەگوایە قورئان زۆر دەمێکە پێی باش نەبووە کچان و کوران تێکەل ببن و ئێمەی عەرەب دەبێ بگەرێینەوە سەر قورئان و رای باوک و باپیرانمان ... هتد. تاوەکو ئێستاش ئەم نووسراوانە لەجیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا زۆرن و بەشێوەیەکی راشکاوانە پێیان وایە قوتابخانە تێکەڵەکان شکستیان خواردووە بەبێ ئەوەی لەجیهانی رۆژئاوادا هیچ باسێکی وا لەئارادا هەبێت. قسەکانی کاک فازل بەهەمان شێوە پێی وایە تێکەڵکردن بێ بنەمایەو خەیاڵەو شکستی خواردووەو ئەمەش وای لێکردووە زۆر شتی زۆر بێ ئەرگومێنت ریز بکات و لەدەرگایەکی پڕ مەترسیەوە بێتە ژوورەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەنها گوزارش لەرای یەک کەس ناکەن بەڵکو چەندین مامۆستاو بەرێوبەریش لەکوردستاندا هەن هەمان رایان هەیەو بۆ هەر بابەتێکیش نموونەی وڵاتە عەرەبی وئیسلامیەکان دێننەوە کەلەگەڵ دەوڵەمەندی مادییاندا هێشتا لەقوتابخانەکانیاندا سیستمێکی زۆر دواکەوتوو پیادە دەکەن. ئەم رەوتە بەتایبەت لەوڵاتەکانی کەنداودا. دوا شت کەبمەوێت لەم وتارەدا یاداشتی بکەم ئەوەیە مرۆڤ لەچ گۆشەنیگایەکەوەو بەچ مێتودیکێک سەرئەنجامی لێکۆڵینەوە جوداکان بەکار دێنێت و کاریان لەسەر دەکات. بەشی هەر گەورەی پەروەردەناسە رۆژئاواییەکان بەشێوازێکی زۆر جودا تەماشای ئەنجامی ئەو لێکۆلینەوانە دەکەن وکاری لەسەر دەکەن. مرۆڤ ناکرێ تەنها چەند رستیەک دەربهێنێت و شیکردنەوەی سەیریان بۆ بکات